# بۆ ئەوەی ئاسۆ عەبدوللەتیف تووشی شۆك نەبێت

**ڕێبین فەتاح**

دوای ئەوەی لە چەند هەفتەی رابردوودا، چەند تێبینیەکم لەسەر پرۆژە یاسای راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا خستەڕوو ، لە سایتی دەنگەکاندا، بەناوی ئاسۆ عەبدوللەتیفەوە، چەواشەنامەیەك لەژێر ناوی روون کردنەوە ! نووسراوە، من لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی وەڵامی ئەو بەناو روون کردنەوەیە بدەمەوە، ئەگەرچی ئێستا لە ناو تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵی خوێندنی زانکۆم، بەڵام هەر چۆنێك بێت ئەو دەرفەتەم دروست کرد ئەو وەڵامە بنووسم.

بەر لە هەر شتێك پێویستە لەبەرامبەر ئەو نووسینەمدا، ئاسۆ و مامۆستا ئەکادیمییەکەیی و برادەرانیان سوپاسم بکەن، لەبەرامبەر ئەوەدا کە من هەڵەکانیان بۆ راست دەکەمەوە.

نووسینەکەی ئاسۆ سەرلەبەری هەڵەو گوتەی نادروستە، لێوانڕێژە لە تۆمەت بۆ هەڵبەستن، بەڵام من زۆر بە ئاسایی وەریدەگرم، بەجۆرێك لەناتێگەیشتنی دەزانم.

چەند مانگێك بەر لەئێستا کە بۆ جاری دووەم کۆمەڵێك لە نووسەران و رۆژنامەنووسانی هەولێر ، لە کۆنفرنفرانسێکدا دەربارەی "پڕۆژە یاسای راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان"، کەدامەزراوەی"بەدرخان" رێکیخست بوو بە ئامادەبوونی ئامادەکارانی پڕۆژەکە، لەوێدا وەك رۆژنامەنووسێك کۆمەڵێك تێبینی و سەرنجم ، بە تایبەت لەرووی یاساییەوە خستەڕوو، لەسەر ئەو پڕۆژەیەی کە سێ لە مامۆستاکانی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین ئامادەیان کرد بوو ، بۆ رێکخستنی کاروباری راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام لەبەرئەوەی زۆربەی ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە زیاتر لەروانگەیەکی زمانەوانییەوە تەماشای پڕۆژەکەیان دەکرد، زۆرترین رەخنەی زمانەوانیان لێگرت، کە باوەڕ ناکەم ئەگەر ئەوکات ئەو رەخنەو تێبینیانە بخرابانایە ناو پڕۆژەکەوەو دەستکاری بکرابووایە، ئێستا دەرفەتی کەمترین رەخنە لەسەر پڕۆژەکە، دەمایەوە، بەڵام ئەوە نەکرا، تا لە چەند هەفتەی رابردوودا یونامی ۆرك شۆپێکی رێکخست بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پڕۆژەیەو چەند باسێکی دیکە، وەك گوتم پڕۆژەکە هەر وەك خۆیی و بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری تێدا کرا بێت هاتەوە بەردەستمان.

بە چەند مانگێك پێش ۆرك شۆپەکەی یونامی لەسەر ئەو پڕۆژە یاسایە، هەرچی تێبینی و سەرنجێکم هەبوو لەسەر ئەو پڕۆژەیە، خستمە بەر دەستی چەند ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان "بەهۆی ئەوەی وەك رۆژنامەنووسێك پەیوەندیم لەگەڵ پەرلەمان لەئاستێکی بەرزدایە"، بەمەبەستی ئەوەی ئەگەر ئامادەکارانی ئەو پڕۆژەیە تێبینیەکان بەهەند وەرنەگرن، کە لەو کۆنفرانسانەدا دەخرێنەڕوو، پەرلەمانتارەکان، ئەو تێبینیانەیان لەبەرچاو بێت و لەکاتی گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاساکە بیانخەنەڕوو. رەخنەکانی ئەوسام لەسەر پڕۆژەکە، کۆمەڵێك خاڵی سەرەکی بوون، بۆ نمونە جیاکردنەوەی ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن لە پڕۆژە یاسای راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە ئەگەر ناوی دامەزراوەت هێنا، پێویستیت بەیاسای تایبەت دەبێت، هەر ئەو تێبینیانەی کە لە ۆرك شۆپەکەی یونامیدا خستمەڕوو، کاك ئاسۆ و برادەرانیشی بۆ ئەوەی تووشی شۆك نەبن! دەتوانن لەوبارەیەوە وردەکارییەکان بزانن، خاڵێکی دیکە کە ئاماژەم بۆی کرد بوو، قسەکردن بوو لەسەر ئەوەی ئەو مامۆستایانەی پڕۆژەکەیان ئامادەکردووە، بەهۆی ئەوەی لەدەرەوە ژیاون، هاتوون بەشێکی پڕۆژەکەیان کە ئەنجومەنی باڵای راگەیاندنە، لە ئەنجومەنی باڵای راگەیاندنی فەرەنسییەوە وەرگرتووە، یاسای ئەنجومەنی باڵای راگەیاندنی فەرەنسا، بەشێوەی کتێب و بەزمانی فەرەنسی، لەبەردەستمایە، هەروەك داواشم لە هەردی بابان خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس/فەرەنسا کردووە، ئەگەر دەرفەتی هەبێت زۆر پێویستە ئەو کتێبە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی ، چونکە دەمێکە لەفەرەنسا دەژی و خوێندنی ماجستێریشی هەر لەوێ تەواو کردووە، وەرگرتنی بەشێك لە یاسای ئەنجومەنی باڵای فەرەنسی و خستنە ناو پڕۆژە یاسای راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، بە کارێکی نەك هەر باش نازانم ، بەڵکو بە کێشە دروست کردنیشی دەزانم بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان، لەبەرئەوەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری

و ...هتد له فەرەنسا جیاوازییەکی زۆرو بەرفراوانی هەیە لەگەڵ کوردستان، ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندنی فەرەنسیش ڕەچاوی بارودۆخی فەرەنسای کردووە، بەجۆرێك کە لەبەرئەوەی دەسەڵات لەفەرەنسا دەرفەتی ئەوەی نییە بەربەست لەبەردەم ڕاگەیاندن دروست بکات، وەك ئەوەی لە کوردستان دەگوزەرێت، لەبەرئەوە ڕاگەیاندن بەبێ سڵەمینەوە لە دەسەڵات ، ئامادەیە ببێت بەبەشێك و بەشداری لەو دەسەڵاتەدا بکات، لەبری ئەوەی لەسەنگەری بەرامبەری بووەستێت، وەك ئەوەی لە کوردستان دەبینین"بۆ ئەو باسە دەتوانن، تەماشای ژمارەکانی چەند هەفتە لەمەوپێشی ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت بکەن، لەسەر هێڵی ئینتەرنێت، مامۆستا ڕەحیم سورخی یەکێك لەئامادەکارانی پڕۆژ یاسای ڕاگەیاندن، ئەمەی بەتەواوی ڕوون کردۆتەوە، ئاماژەی بەوەشداوە بۆچی لەژێر کاریگەری ئەنجومەنی باڵای فەرنسیدا بوون لەئامادەکردنی پڕۆژەکەیاندا".

تێبینییەکی دیکە ئەوەیە، ئامادەکارانی پڕۆژە یاسای ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستاندا، بەتاییبەت لەبەشی چاپەمەنییەکان و سنورداکردن و قەدەغەرکاوەندا، دووبارە هاتوون بڕگەو مادەکانیان لەیاسای ڕاگەیاندنی سویدییەوە وەرگرتووە، مادە هەیە لە پڕۆژەکەدا، تەنها وەرگێڕدراوە، لە یاسای ڕاگەیاندنی سویدیەوە بۆ پڕۆژە یاسای ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش دووبارە گرفتێکی دیکەیە.

کاتێکیش لەسەرەتای مانگی دووی ئەمساڵ ناوەندی هەتاو لە هەولێر سمینارێکی ساز کردو قسە لەسەر هەمان پڕۆژە کرا، جارێکی دیکە، تێبینیەکانی خۆمم خستنەوەڕوو، هەر لەوێدا قسەم لەوە کرد، لەیاسای ڕاگەیاندندا، پێویستە بۆ نمونە"قەدەغەکراوەکانی ئەو یاسایە، لەبەشێکی تایبەتدا جێبکرێنەوە، کاتێك باس لە چاپەمەنییەکان دەکەیت لەدوای ئەو باسی قەدەغەکراوەکان بێت، کاتێك باس لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنیش دەکەیت، دووبارە باسی قەدەغەکراوەکان بێتەوە گۆڕێ، چونکە یاسای ڕاگەیاندن دەبێت کۆمەڵێك مادەی بنەڕەتی تێدا بێت کە هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە نووسراو، بینراو، بیستراو بگرێتەوە، نەك هەر کەناڵێك لەوانە یاسای تایبەت بەخۆی هەبێت، ئەمە هەر خۆی پێچەوانەی یەك پڕۆژەییە.

ئەگەر باس لە ڕوون کردنەوەکەی ئاسۆ عەبدوللەتیف بکەم ، لەسەر وتارەکەی پێشووم، دەبێت باس لە وۆرك شۆپەکەی یونامی بکەم لە3-2007/6/4، لەو وۆرك شۆپەدا، ڕۆژنامەنووسە ئامادەبووەکان بۆ سێ گروپ دابەش بوون، گروپی(a) کە خۆم یەکێك بووم تیایدا، لەسەرتادا بڕیار بوو گروپی ئیتیك و ئەخلاق بێت، بەڵام لەسەر پێشنیازی هەڤاڵ ئەبوبەکر ، کرا بەوەی کە بوو، ئاسۆش بەهەڵە لە وتارەکەیدا نووسیویە، ئێمە گروپی ئیتیك بووین، یان ویستوویەتی، لەڕێگای بەئیتیك کردنی گروپەکەوە، بەندە بخاتە دەرەوەی بازنەی ئیتیك بوونەوە، من لەوەدا سوپاسی دەکەم، ئەرکی کێشاوە!

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە کە ئاسۆ دەڵێت "من بەناوی زۆربەی ئەندامانی گروپەکەوە قسە دەکەم"، لە کۆتایی نووسینەکەشیدا هاتووە لیستێکی 16 کەسی ئامادە کردووە، گوایە ئەوانە لە گروپەکەدا بوون، یەکەم دەمەوێت ئەوە بڵێم کە شەش حەوتێك لەوانە وەك دڵزار حەسەن و نازم دڵبەندو د.نەزەند بەگیخانی و عەلی کەریم و چەندانی دیکەش لەو گروپەدا نەبوون تا بەرێزتان بەناوی ئەوانەوە قسە بکەن! چەند کەسێکی دیکەش ئەگەرچی دوو ڕۆژ لە وۆرك شۆپەکەدا ئامادەبوون بەڵام کەم و زۆر لەیەك دوو تێبینی و سەرنجی وشکەڵاتوو زیاتر ، خاوەنی هیچ سەنگێك نەبوون، دواتر تۆ بەناوی زۆربەی ئەندامانی کام گروپەوە قسە دەکەیت! کاتێك ئەو کەسانەی ئاماژەیان بۆ دەکەیت ئەندامی گروپەکەت نەبن و ئاگاداری نووسینەکەشت نین !؟ ئەمەی تۆ دەچێتەخانەی شت بۆ دروست کردن و هەڵبەستنەوە لەسەر بنەمای هیچ، زۆر بە ئاسانی دەتوانم بەیانی لەدادگا سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەم ، چونکە ئەوان نەبوون تا من بە گوتەی ئاسۆ ، تێکڕای سەرنج و تێبینیەکانیان تاڵان بکەم!

کاك ئاسۆ، لەو ڕوون کردنەوەیەدا ویستم زۆر بە نەرمی ئەوە بڵێم کە ئەو سەرنج و تێبینیانەی لە وتارەکەی پێشوومدا ئاماژەم بۆ کرد بوون، تەواویان هی خۆم بوون، من لەسەرەوەدا، جەختم لەسەر ئەوە کردۆتەوە، لەو وتارەشمدا هەوڵمداوە، ئەوەندەی دەسەڵاتم بەسەر وشەکاندا بشکێت بەشێوەیەك بنووسم لەکەسێتی کەس نەدەم، وەك ئەوەی تۆ کردووتە، تەنها بەوەندەش کۆتایی پێدەهێنم سەبارەت بە ڕوون کردنەوەکەت ئەگەر لەڕووی زمانەوانییەوە تەماشای بکەین بە قەد پڕۆژە یاسای ڕاگەیاندنەکە، هەڵەو کەم و کوڕی تێدا هەیە، ئەگەر بە زمانی من نایسەلمێنیت ، داواکارم نیشانی مامۆستا هەڤاڵ

ئەبوبەكری بدەیت كە بە گوتەی بەڕێزتان، لە میانەی ئەو شاڵاوە تاڵانكارییەمدا"دا"یەكی ئەویش بەركەتووە!
جارێكی دیكەش ئەوە دووپات دەكەمەوە كە كۆی سەرنج و تێبینییەكان هی خۆم بوون، زادەی ئەو سمینارە دوو رۆژییە نەبوون كە یونامی رێكی خست بوون چونكە پێشتر هەبوون، دەبێت داوای لێبوردنیش لە كاك ئاسۆ بكەم ئەگەر بە هۆی ئەو وتارەمەوە بۆ چركەیەكیش بێ تاقەتم كرد بێت، هەر وەك یەكێك لە هۆكارەكانی ئەو راست كردنەوەیە، بۆ ئەوەیە كە بەڕێزیان تووشی شۆك نەبن!